

# دەفتەر

بەکر ئەحمەد

دەفتەر بەرگی تێدەگیرێ و هەموو گیانم دەبێ بە چاو
به لاستیکێکی بەنەخوێن، توونـد دەیبەستم و
کەمێک لە نزیک دڵەوە، لە ژێر باڵما، هەڵیدەگرم
بە خەتێک جوانتر لە خەتی خۆشنووسەکانی ناو بازاڕ، ناوی خۆم و باوک و باپیرەم دەنووسم.

لە باراندا دەبمە چەتری، نەبادا پیتێک ئاو بیبا
لەگەڵما دەچێ بۆ شانۆ
بەدیار فیلمی سەهرەوە، وەنەوزدەدا
لای کابرای قاورمەفرۆش، بیرم دەچێ
باوک و دایک و خوشک و کچ و کوڕی گەڕەک
بە کۆڵاندا وەک شێت هەڵدێن: کەس دەفتەرێکی بەرگشینی لەم کۆڵانەدا نەدییوە
من دەگریم و شەو دێوێک دێتە سەر سنگم
لە مامۆستای پۆلمان دەچێ و بە دەم خەوەوە هەر دەگریم.

ئای خوایە چ دەفتەرێک بوو!
مار و پەیژەی هەڵگەڕان بوو بە کێوی سەختی وشەدا
نیشانەی پرسیاری تیا بوو لەبەردەم دوو داری دارا و
داری دەستی مامۆستادا
ناوی ئەو مامۆستایانەی وشەی زارییان ، حەیوان، ماکەر، گوێدرێژ بوو
بەهاران، گەڵایەکم دەخستە لۆچی دوو پەڕە و
زستانانیش چاوم سەوز دەڕشت بە گەڵا
ئێواران دەفتەرم، ماڵە و ماڵ دەگەڕا
چی کوڕ و کچی گەڕەک بوون، دارشتنی: "مامۆستا خۆشەویستترە یان باوک"
سەر لەبەر دەنووسییەوە و
بۆ بەیانی هەر هەموومان لەسەر یەک پێ و ڕوو لە دیوار
لەسەر یەک قاچ ڕادەگیراین

هەشت سەد وهەشتا و هەشت شاخی تیا بوو
هەشت سەد و هەشتا و هەشت ڕووبار
ناوی کچەکانی ئامادەییەکەی خوارووی ماڵ، قەرزی ماستهێنانی باوکم لە دووکانەکەی بەرانبەر
دەرهێنەری فیلمە هندییە تازەکە و
هەڵەکانی گوڵبەهاری دراوسێمان، ناوی ئەوانەی بەعز بوون
ئەوانەیشی پاڵەوانی "مەجە گەڕرە بۆم هەڵپەڕە"ی ئێوارانێکی هاوین بوون

ئێستاش بە عیشقی ئەوساوە، بۆ دەفتەرێکی ونبوو دەگەڕێم
دەڵێن: دەفتەرێک هاتووە، خەریکی تاپۆکردنی ئاسمانی سەر شارەکانە و
وەک نهۆمێکی ئیحتیاتی سەر کۆشکی خۆی سەیری دەکا
گرێبەستی بازرگانی لەگەڵ هاوین ئیمزادەکا و
بای پێدەدا
ڕەنگ لە سنەوبەر دەکرێت و
بە دارستانیش دەڵێ: هیچ تەندەرێک لەگەڵ قەڵەم ئیمزا نەکا
دەڵێن دەفتەرێک هاتووە، بە تەنها سەد پەڕەییە و
نا و و شوهرەت و جنسییەی
لە دەفتەری کەلیمات و سی پەڕەیی، شەست پەڕەیی هەموو پەڕەییەکانی دیکە
سەندۆتەوە و
تەقاعودیشییان ناداتێ.
ئەهرامێکی،لە حەوشەکەیدا داناوە و
لەو دیو دیواری ماڵەوە، کارخانەی دروستکردنی گۆڕستانێکیش بۆ ژیان
دەفتەر شاخ دەدا بەکرێ، نەشتەرگەری شەقام دەکا و
سیحرێکیش لەو کۆڵانانەی، لە نەخشەی بەلەدییەدا هەن، کەچی هیچ کەس نایانبینێ
دەفتەر ناچێتە چایخانە، کەس لە حەمامدا نەیدیوە
لای دەلاک سەری چاک ناکات
دەفتەر دەچێتە پەرلەمان، شەوان لە بەردەم کامێرای تێڤێکاندا، بە ڕۆژ لە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و

دوای عەسرانیش، دەنگی بەسەر شەپۆلی ڕادیۆوە
دەفتەر بۆیاخچی شاعیر و بۆیاخی شیعری خۆی هەیە
 هەم بۆ قژی
هەم بۆ ڕەنگکردنی چەند بارەی، بەرگی ئەو دەفتەرانەی دی
لە ڕەنگی بەرگی ئەو ناچن

دەفتەر ناچێتە قوتابخانە و
 شەهادەی دکتۆرای قانون، ماجستەر لە فەلسەفەدا
دەخاتە تەنکەی باخەڵی

من بۆ دەفتەرێک دەگەڕێم
لە لاپەڕەی یەکەمیدا
ریزێک شاخ و
ڕووبارێک بەبەر دامێنیا دەڕژێتەخوار
ڕێزە ماڵێک،
پەنجەرەی ماڵ، هەر هەموویان ڕوو لە هەتاو
پردێک بەسەر جۆگەلەوە
دارێک سەوز وەک سەربانی ماڵ
بەرخێک و شوانێک و سەگێک، دارا و زارا
باوک بە عەللاگەی دەستییەوە
خۆرێک لەو دیو شاخانەوە، قەت نیازی نییە ئاوا بێ
دایکێک سەبەتە لە قۆڵییا و پڕ لە هەنار
بولبولێکیش، پڕ بە گەرووی، بانگمدەکا



8ی جانیوەری 2008